## وەزارەتی دارایی عێراق راگەیەندراوێکی لەسەر پشکی هەرێم و بڕی ئەو پارەیە بڵاوکردەوە کە لە ساڵی ٢٠٢٤ دا بۆ هەرێمی ناردووە

درەنگانێکی شەوی رابردوو وەزارەتی دارایی عێراق راگەیەندراوێکی لەسەر پشکی هەرێم و بڕی ئەو پارەیە بڵاوکردەوە کە لە ساڵی ٢٠٢٤ دا بۆ هەرێمی ناردووە و جەختی کردووەتەوە مووچەی هەر ١٢ مانگەکەی ئەو ساڵەی بەبێ کەم وکورتی بۆ هەرێم ناردووە.

ئەمڕۆ شەممە ١٨ـی کانونی دووەمـی ٢٠٢٥، وەزارەتی دارایی عێراق وتیشی، هەرچەندە بەپێی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی دەبوو تەوتینی مووچەخۆرانی هەرێم لە بانکەکانی حکومەتی عێراقدا بکرایە، بەڵام تائێستا هەرێم هاوکاری نەکردوون و نەتوانراوە تەوتینی مووچە بکرێت.

دەشڵێت، حکومەتی هەرێم ناوی دووبارە و لیستی نادروستی بۆ ناردوون و لە لیستی مووچەی مانگەکانی ١٠ و ١١ و ١٢شدا ناوی دووبارە هەبووە.

هاوکات دەشڵێت، هەرێم پابەندی گەڕانەوەی داهاتی ناوخۆ نەبووە و داهاتی ناوخۆی ساڵی ٢٠٢٤ـی زیاتر بووە لە چوار ترلیۆن دینار، بەڵام تەنها ٣٩٩ ملیار دیناری گەڕاندووەتەوە.